ترمپ سوماتی هاوردەکردنی دەستی بیانی بە 100 هەزار دۆلار بەرزکردەوە

ئەمە 20ـی ئەیلوولی 2025، دۆناڵد ترمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بڕیاری بەرزکردنەوەی سوماتی هاوردەکردنی دەستی کاری بیانی لە 1000 دۆلارەوە بەرزکردەوە بە 100 هەزار دۆلار.

هوارد لوتنیك، وەزیری بازرگانی ئەمریکا ڕایگەیاند،" کەمپانیاکان دەبێت ساڵانە بە 100 هەزار دۆلار بدەن بە هاوردەکردنی دەستی کاری بیانی، هیچی دیکە ناتوانن بە پارەی کەم مەشق بە کارمەندی بیانی بکەن"

وەزیری بازرگانی ئەمریکا قسەکانی هووبەووی خاوەن کەمپانیاکان کرد و گوتی "ئەگەر دەتانەوێت مەشق بە کەسێک بکەن، ئەوا پێویستە مەشق بە دەرچووانی زانکۆکانی ئەمریکا بکەن و هاوردەکردنی دەستی کاری بیانی ڕابگرن."

لە بڕیارەکەدا باس لەوە کراوە، ڤیزای "ئیچ وەن بی" تایبەتکرابوو بە دەستی کاری بیانی خاوەن ئەزموون و کارامەیی بەرز، بەڵام بە شێوەیەکی خراپ بەکارهێندرا کاریگەرییەکەی بە سەر ئابووری

ئەمریکا نەرێنی بوو، بەیە بەرزکردنەوەی بە پارەکە بە 100 هەزار دۆلار، وادەکات کەمپانیا گەورەکان تەنیا کەسی خاوەن ئەزموون بهێنن.

ترەمپ بەیاری کارتی زێینیشی دەرکرد کە بەرانبەر ملیۆنێک دۆلار مافی نیشتەجێبوون بە بیانیان دەدات لە ئەمریکا و ڕاشیگەیاند، کە داهاتی ئەم بەرنامەیە بە دانەوەی قەرز و کەمکردنەوەی باج بەکاردێت.

کەشکی سپی بەاوی کردووەتەوە، ئەو کەسانەی ئارزووی بەدەستهێنانی کارتی زێینیان هەیە پێویستە ملیۆنێک دۆلار بدەن بە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، ئەگەر کەمپانیایێک تەچووکەی گرتبێتە ئەستۆی خۆی پێویستە دوو ملیۆن دۆلار بدات.